عمر عبدالرحیم

# بەبۆنەی تێپەڕبوونی دوو سەد ساڵەی سلێمانی‌یەوە

خوێنەری بەڕێزو بەنرخ ئەم بەسەرهاتەی بەم بۆنە پیرۆزەوە پێشکەش بە ئێوەی مەزن دەکرێ بەسەرهاتێکی فۆلکلۆری‌یە کە لە دەم‌و پلی پاراوی ئەم کەسانەوە بیستوومە :

1 - حەبیبەی قالەی حەمەی سەوزە ، کە حەمەی سەوزەی باپیری بازەوانی ئیبراهیم پاشابووە ، کاتێ من منالبووم ئەو تەمەنی لە سەد ساڵ تێ‌پەڕی‌بوو ، ئێستاش نەوەو وەچەیان لە سلێمانی‌دا ماون .

2 - حەبیبەی ئەمین سویتەلی کە ئەمیش باپیری لە قەلاچوالانەوە هاتووەو ئەوساکە تەمەنی نەوەد ساڵ دەبوو ئێستاش نەوەو وەچەی ماون .

3 - دەروێشی حەمە ڕەشی قالە حەیتە ، کاتێ منالێ من تەمەنی حەفتا ساڵ دەبوو ، بەوەجاخ کوێری سەری ناوەتەوە .

4 - قالە شایەری تەوەکەلی کە خەڵکی تەوەکەلی شارەزووربووە هەر لە زەمانی منالێ من‌دا سلێمانی بەجێ هێشتووەو بۆ کارو کاسبی ، چووە بۆ هەولێرو ئیتر نەم‌دیوەتەوە .

خوێنەری بەڕێز هەموو بەسەرهاتێکی فۆلکلۆریش جێگای باوەڕو متمانە نی‌یە ، چونکە لە کاتی گێڕانەوەدا هەندێ جار لێی زیادکراوەو هەندێ جار لێی کەم کراوەتەوە ، بەلام هەرچۆنێک بێ ئەم جۆرە بەسەرهاتانە تارادەیەک لەڕاستی بەدەرنین‌و لە خۆیانەوە نەهاتوون هەر نەبێ بنج‌و بناغەیەکیان هەبووبێ ، بۆیە پێویستە لە سەرمان چۆنیمان بیستووە وەها بی‌یان نووسینەوە بۆ نەوەکانی دوای خۆمان‌و ئەوانیش دوای پشکنین‌و لێکۆڵینەوەیەکی زانیاری‌یانە ئەوەی بەڕاست دەردەچێ تێکەڵ بە مێژووی نەتەوەکەیانی بکەن‌و ئەوانەشیان لە ڕاستی بە دوورن بی‌یانخەنە ناو زیندانی لەبیرچوونەوەوە .

خوێندەواری بەنرخ ئەمساڵ یادی دوو سەد ساڵەی شارێکە کە لەناو شاران‌دا پەنجە کەڵەی شانازی بۆ درێژ دەکرێ‌و ، ئەمیش وەکوو شاژنێکی سەنگین‌و گران بەکێش‌و شەدەی لاری‌کوردی‌یەوە ، بە کەوای گوورونی گوڵ باتمانەوە ، بەسەرو دەسماڵی پوولەکە ڕیزەوە ، بە کراسی گوڵ گوڵی خوێنی شەهیدەکانیەوە خۆی ئەنوێنێ‌و خۆی هەڵ ئەشەنگێنێ .

ئەمساڵ یادو بۆنەی لەدایک‌بوونی دوو سەد ساڵەی شارێکە نە زۆرو ستەم ، نە خەفەت‌و خەم ، نە باوو بۆران ، نە زێڕو سامان ، نە گێژەڵووکەو گەرداوی زەمان بەموو نەیانتوانیوە لە ڕێ ڕەوی خۆی ئەم شارە مەزنە لابدەن‌و تۆزی ئەنگی‌و شورەیی لە تەوێڵی پاک‌و بێ گەردی بنیشێ .




بەڵێ شاری سلێمانی ، شاری هەڵەت و قوربانی ، شاری خەبات و تێکۆشان هەمیشە قەڵایەکی سەخت بووە بەرامبەر داگیرکەرانی کوردستانی ئازیزو عیراقی خۆشەویست ، بە تایبەتی بەرامبەر کاربەدەستە چاوچنۆکەکانی ئێران ، ئەو کاربەدەستانەی ئێستاش بە چاوی هەزارو چوارسەد ساڵ لەمەو بەرەوە سەیری گەلان ئەکەن و ئەیانەوێ ئیمپراتۆرییەتی ساسانییان زیندوو بکەنەوە ، بەڵام دوای کڵاوی بابردوو کەوتوون و ئاسنی سارد دەکوتن ، هەتا یەک منداڵی شیرە خۆرەی ناو لانکەی ئەم خاکە پیرۆزە بمێنێ داگیرکەر سەری خۆی لەبەرد ئەداو بەبێ هوودە شەڕە قۆچ لەگەڵ لووتکە سەرکەشەکانی هەورامان و کورەکاژاوو تاریدەدەرو چیا ڕق هەستاوەکانی ترا ئەکات ، فەرموون ئەوەتا (حطیئة)ی کورد (فرزدق)ی کورد (جریر)ی کورد شێخ ڕەزای تاڵەبانی ئەفەرموێ :

**کە عەبدوڵلا پادشا لەشکری والی سنەی شرکرد**
**ڕەزا ئەو وەختە عومری پێنج و شەش تیفلی دەبوستان بوو**

شاری سلێمانی ئەو شارەیە کە لە ماوەیەکی دووسەد ساڵەی کەمدا توانیویتی خزمەتێکی گەورە پێشکەش بە نەتەوەی کوردو گەلی عیراق بکات و دەیان زاناو مێژوو نووس و شاعیرو خاوەن بەهرەی وەکو : ئەمین زەکی ، تۆفیق وەهبی ، شێخ مەعروفی نۆدێیی ، شێخ عومەری قەرەداغی ، نالی ، مەحوی ، کوردی ، بێکەس ، گۆران ، حەمدی و سالم پێ بگەیێنێ و بەبەرهەمی ڕەنگینیان نەتەوەکەیان ڕووسوور بکەن ، ئەوەتا سالم پڕ بەدەم هاوار ئەکاو ئەڵێ :

**مەهی فارس زبانەم گوفت سالم شەرحی حالەت گۆ**
**وتم جانا بەڵەد نیم إصطلاحی ئێوە من کوردم**

شاری سلێمانی ئەوشارەیە لە کاتێکدا کە سوپای داگیرکەری ئینگلیز گەیشتە بەسرە گیانبەخشان و شۆڕە سوارانی کورد لەتەک خواڵێخۆشبوو شێخ مەحموودی نەمردا وەکو (هۆکەڵ)[1] خۆیان ئەڕازانەوەو لەفیشەکا خۆیان زەرد ئەکردو بە شادییەوە پۆل پۆل و دەستە دەستە بەرەو پیری بووکی مەرگەوە ئەچوون و ڕووەو شوعەیبەو بەسرەو فاو ئەکشان بۆ ئەمەی خوێنی گەشیان تێکەڵ بە خوێنی گەشی برای عەرەب ببێ .

بۆیە (طە حسین)ی کوردیش مەلا حەمدوون ئەڵێ :

**حەمدی دڵی بەخسیری غەمی فەڕەنگە ئەمڕۆ**
**بەربوونی بەفەتحی بەسرەوو فاوە .**

خوێندەواری ئازیز : دووسەد ساڵ و چەند ڕۆژێک لەمەوبەر لەپێش گەردو گوڵی بەیانا ، لەپێش جریوەی مەل و قاسپەی کەوی لاپاڵ و سەر ملانا ، دەنگی ئەڵلاهو ئەکبەری مەلای دوانزە علیم و فەقێی گەڵاڵەبوو لەهەموو مزگەوتەکانی قەڵاچوالانی پایتەختی بابانا تێکەڵ بووبوون لەگەڵ شنەو نەسیمی کوێستانەکانا ، دوای نوێژی بەیانی کە هێشتا گزنگی خۆر نەکەوتبووە سەرەتاتکێ لەگەڵ سەرسیرو لوتکە بەرزەکانی پشتی قووڵەڕەش و خەمزەو قەیوانا .

ئەمین ئاغای تەپڵ ژەنی ئیبراهیم پاشا لە بەردەمی ماڵی پاشادا سواری ئەسپە ڕەش بووبوو ، جووت تەپڵێ لەم لاو لەولای قەڵپووزی زینی ئەسپە ڕەش قایم کردبوو ، بەدەستی چەپ لغاوەکەی گرتبوو ، بە دەستی ڕاستیش جووت تەپڵی لێئەدا ، چ لێدانێک ؟ ساوای ناو لانکەو پیرە مێردی نەوەد ساڵەی هێنابووە جۆش و خرۆش ، بە ئاشکرا چۆلەکەی کوێسوانەکانیش کەوتبوونە هەڵەکەسەماو هەڵفڕو

دافریان‌بوو .

لەم‌لاتریشەوە حەمەی سەوزەی بازەوان سواری ئەسپە شێ‌بووبوو دەست‌کێشی چەرمینی لە دەستی ڕاستی هەڵکێشابوو ، بازی تەواری بەپەتی پێ‌بەستەوە لەسەر دەستی خۆی ڕاگیردبوو ، وەیسەی مەیتەری پاشاش ئەسپە بۆرەی پاشای بەڕەخت‌و ڕەشمەی ئاوریشمینەوە زین کردبوو ، چاوەڕوانی هاتنە دەرەوەی پاشای ئەکرد ، سوار گەل کۆبوونەوە کوڕو کاڵان‌و نیمچە پیاوان سێ سێ‌و دوو دوو تانجی‌یەکانیان ڕست‌کردبوو ، قورووسکە قورووسکی تانجی‌و حیلە حیلی ئەسپان‌و پرمەپرمی وولاخی تەڕاڵ چەهـ چەهی بازو دەنگی جووت تەپڵی ئەمین ئاغا ئیبراهیم پاشایان لە کۆشک‌و سەرادا کەمەند کێش کردو هاتە دەرەوە . چی‌بێتە دەرەوە ؟ تادەست هەڵبڕی کەڵەگەت ، برۆ پەیوەست ، سمێڵ قەترانی ، مەچك ئەستوورو سنگ پان‌و ناوقەد باریك ، تاجی پاشایی لەسەر کەلەی سەری چەسپاندبوو ، جووت شمشێری لەم‌لاو لەولای کەمەری قایم‌کردبوو ، خەنجەری دەسك ماهی بەرپشتێن‌و تەزبێحی کارەبای تێ‌ئاڵاوی شایانی (نامەخوا) بوون ، سەلامێکی کردوو ڕۆستەم ئاسا لەناو خانەی زینی سەرپشتی ئەسپە بۆرەدا لێی دانیشت ، ئەمجا بەدەنگێکی نێرو زوڵاڵانەوە ووتی :

- براینە ، ئەمڕۆ ڕاوی چەوتەی سیتەك‌و چاڵە بەفرەکانی گۆیژەمان بەدەستەوەیە ، کوڕ ئەو کوڕەیە نێچیر بە پاشکۆی ئەسپەکەیەوە هەڵواسرابێ ، ئیتر ئاوزەنگی لە وولاخ‌درا ، خرمەی چوار ناڵەی سەرکەڕەگەلاو گیزەی بەردی دەرچووی ژێر ناڵ سەمفۆنی‌یەکی کەس نەبیستراویان دروست‌کردبوو ، لە ئاوی قەلاچوالان پەڕینەوە بۆ بەری تەگەران ، لێرەدا دەنگی تەپڵ کپ‌کراو ڕاو دابەسترا ، پاشا خۆی سەرڕاوو خاڵە شاماری پلنگەییش ژێر ڕاوی گرتبوو ، بەدەم ڕاوەوە بە شانی سیتەك‌دا بەرەو چەوتە هەڵگەڕان ، زۆریان نەمابوو بگەنە ئاوەرێژی چەوتە خاڵە شامار بە دەنگێکی پڕ لە سۆزو شادی‌یەوە هاواری کرد :

- خوڵامی سەری پاشام .

پاشا ئاوزەنگی لە ئەسپ‌داو خۆی گەیاندە ئەو دەوەنەی لانی کەڕوێشکەکەی تیابوو ، چەرخەیەکی بەدەورا کردو ووتی :

- تکایە کەس ڕستی تانجی بەرنەدات ، ئەبێ ئەم کەروێشکەم بە زیندوویی بۆبگرن ، کەروێشك گوێی لە زووڕە زووڕو قورووسکە قورووسکی تانجی‌بوو لە لان دەرپەڕی ، کەروێشکی‌چی ؟

سوورە کەروێشك ، بەقەد گیسکێك ، چەموڵە کورت چاوگەش‌و سوور تیسك درێژ ، جوان‌و گوێ قووت ، ژێر سك سپی وەك کەرەکەی ناڵی مەشوور

کوڕە کوڕەو شۆڕە سواری بابانی‌یان نیشتنە سەری ، لە چاڵە بەفرەکانەوە ناویان کردو دایانشکانەوە بەرووکاری دۆڵە میرانا ، کەروێشك ڕووی کردە بەر ڕۆژی بەیانی‌یانی دۆڵە میران‌و سەرکەوتە سەرەوە ، بە خێچکەی بەفر فرۆشەکانا ڕووەو مەڵکەندی هاتە خوارەوە ، بەلام بێ‌سوودبوو ، پاشاو سوارەکانی وەك مێمڵ‌و ڕەقیب هەر بە دوایەوە بوون ، هەتا کردیان بە ناو ماڵەکانی مەڵکەندی‌دا ، کەروێشك لەوێدا لە پەل‌و پۆ ئەکەوێ‌و بەدەم هاژینەوە خپ ئەبێ ، بە فەرمانی مەڵکەخانی بێوەژن کە کچی سەرەك تیرەیەکی بێ سەری‌یەو ئەم دێ‌یەی کردووە بە بنکەیەك بۆ بەخێوکردنی ڕەووگەو ئاژاڵ‌و بەرهەم هێنانی خەلەو خەرمان سەبەتەیەك ئەکرێ بەسەر کەروێشکەکەداو بەردێك ئەخرێتە سەر سەبەتەکە .

بەوەندەی بلێیت یەك‌و دوو سوارە ئەڕژێنە ناو ئاوایی‌یەوە ، مەڵکەخان ئەچێ بەپیر پاشاوە ، بە دووچاوی پڕ لە شەرمەوە ، بە دەم‌و گفتێکی شیرین‌و گەرمەوە خۆش هاتنی پاشا ئەکاو ئەڵێ :

پاشام ، خاتر جەم‌بە ، کەروێشکەکە هالەژێر ئەو سەبەتەیەداو زرپ‌و زیندووە ، فەرموون دابەزن بام لە خزمەتتانا قاوەڵتی بکەین‌و وولاخەکانیشتان لەناو ئەم مێرگانەدا تۆزێ دەم دابدەن . بەلام چاوی مەڕی‌و بەژن‌و بالاو سلسلەو پلپلەی دەوری مانگی ڕوو ، مێخەك بەندی هەژدە گورزەیی سەرباخی سینەو جووت هەناری ژێر دوگمەو دوڵاب‌و کەمەرەو هەیاسەی لەقەد ئاڵاوی مەڵکەخان پاشایان وەك کەوی هەڵۆ لێدراو بەسەر ئەسپەکەوە وڕ کردبوو ، هیچ وەلامی نەبوو .

لەم ماوەیەدا یەکێک لە پیاوەکانی ویستوویتی کەروێشکەکە لەژێر سەبەتەکەدا دەربهێنێ و بیکات بە دیاری دەستی خۆی و پیشانی پاشای بدات ، کەروێشکی حەساوەش لەژێر سەبەتەکەدا رووەو سەرچاوەی کانێسکان دەرپەڕیوە ، سوارگەل نیشتوونەتە سەری ، بۆیە مەڵکەخان پێی ئەڵێ :

- پاشا ، کەروێشکەکە بەربووەو ، ها سوارەکانت لە کوێ تۆزدەکەن پاشا بەدەم و پلێکی بێ هەستانەوە وەڵامی ئەداتەوەو ئەڵێ :

- بام ئەو کەروێشکە بۆ ئەوان بێ ، من لێرە کەروێشکی شۆختترم دیاردی کردووە ، بەم زووانە ئەبێ لە کۆشک و تەلاری شاییا لەنجەولاربکات .

مەڵکە خانیش وەك ئافرەتە کوردێکی بێ سەری زمان پاراوو سەربەست دێتە وەڵام و ئەڵێ :

- پاشام ، بیم وەسیاقەت ، ئەو کەروێشکەی تۆ بە هیوایت لێرەدا بیگریت کێوی یەو لەگەڵ خوای خویدا مەرجی کردووە بە کوشتن نەوێ ناگیرێ .

لێرەدا پاشا وەك شووڵێ بماڵی بە سەری لووتیا ڕادەچەنێ و بە دەست خواحافیزی لە مەڵکەخان ئەکاو ئاوزەنگی ئاو قای لاقەبرغەی ئەسپە بۆرە ئەکاو باڵی لێ پەیدا ئەبێ و ئەگاتە سوارەکانی . کەروێشکیش بەسەر بەردەبازەکانی سەرچاوەی کانێسکاندا ئەپەڕێتەوەو ڕووەو چەمی گەورە تێی ئەتەقێنێ ، ئەنیشنە سەری و خۆیان لە عەرەقا شڵپەیان دێ و ئەسپەکانیشیان وەك قەترانی ڕەش ڕەش هەڵگەڕاون ، کەروێشك خۆی ئەگەیەنێتە سەرچەمی گەورەو بە نیوە پڕوکاوی و هاژینەوە وەك پەڕۆ شل ئەبێ و دەم ئەخاتە ناو ئاوەکەوە ، پاشاش هەر بەسەر سواری یەوە دائەنەوێتەوە بە دەستی ڕاست هەردوو گوێچکەی کەروێشکەکە ئەگرێ و بەرزی ئەکاتەوە ، لەم کاتەدا تانجەکەی سەری بەر ئەبێتەوەو ئەکەوێتە ناو ئاوەکەوەو ئاو ڕاپێچی ئەکات ، سوار گەل کە چاویان لەمە ئەبێت هەموو هاوار ئەکەن (تانج ڕۆ ، تانج ڕۆ) واتە تانجەکەی پاشا ڕۆ ، لەم بەسەرهاتەدا ئەڵێن گوایا لەو ڕۆژەوە ئەم چەمە ناونراوە (تانجەڕۆ) ئەگینا لەوەو پێش هەر چەمی گەورەی ناو بووە .



دوای ئەمەی کە تانجەکە بۆ پاشا ئەگرنەوە دائەبەزن ئەسپەکانیان بەرەڵای ئەو گوێ چەم و ئاوە ئەکەن ، خۆشیان دەست ئەکەن بە نان خواردن ، پاش پشوودانێکی یەك دوو سەعاتی دیسان سوارئەبنەوەو بەدەستە چەبدا پێچ ئەکەنەوە بۆ لای گردی سەیوان ، گردی سەیوان ئەوساکە باخ و ڕەزبووە ، بە شێوەیەکی ئەندازیارانە لەکانی شەکراوی لای هۆمەرە کوێرەوە ئاویان بۆ ڕاکێشاوە ، وادیارە ئەبێ ئەم باخەش هەر هینی مەڵکەخان بووبێ .

کابرایەکی ڕەقەکاری ڕیش ماش و برنج باخەوانی بووە ، باخەوان کە پاشا ئەبینێ بێڵەکەی سەر شانی لەناو باخەکەدا ئەچەقێنێ و ئەچێ بە پیر پاشاوە ، خۆش هاتنێکی گەرمی خۆی و سوارەکانی ئەکات .

پاشا :

- سۆفی ناوت چی یە ؟

- قوربان ، سۆفی بارام .

- تەمەنت چەندە ؟

- قوربان ئەو ساڵەی کە سەلیم پاشای بابان حەسەن عەلی خانی والی سنەی گرت و بە کۆت زنجیرەوە هێنایان بۆ قەڵاچوالان تازە خەتم دابوو .

- باشە ، سۆفی ، من ئەمەوێ قەڵاچوالان بەجێ بهێڵم و لە نزیك ئەم دێیەی ئێوەوە شارێك دروستبکەم ، تۆ ئەڵێیت چی ؟

- قوربان فەرمایشتەکەت زۆر بەجێیە ، ئەم شوێنەکانی و ئاوی زۆرە ، خاکەکەی هەتا بفەرموویت بە پێزو پڕفەڕو بیّرە ، بەلام ئێمە بەم خاک و ئاوە یژین (چاڵی گەندوم و گۆڕی مەردوم) واتە دەغڵ و دانی باشی تیا هەڵئەکەوێ ، بەلام مروّڤی تەمەن کورتە ، چونکە بایەکی بەتینی هەیە کە خۆمان پێی یژین (ڕەشەبا) ئەم ڕەشەبایە لە هاوینان‌دا هیچی کاو کۆتەڵی خەڵەو خەرمانمان ناهێڵێ و گیانمان پڕئەکا لە تەپ و تۆز ، لە زستانانیش‌دا کار لەموخمان ئەکات و تووشی ڕەقیتە و کۆلنج و برک و نەخۆشیمان ئەکات ..

- سوّفی بارام ئێمە لە دوژمن و داگیرکەر ناترسین ، چۆن ئەبێ لە ڕەشەبا بترسین ؟

ئیتر خواحافیزی لە سوّفی بارام ئەکەن و بەدەم ئەرمە غار و قەتار و ئەڵلاوەیسی ووتنەوە رووەو قەلاچوالان ئەگەڕێنەوە .

دوای ئەم بەسەرهاتە حەفتە ناخایەنێ جگە لەو بەناو خانووسازانەی لە قەڵەمڕەوی پاشادابوون پاشا ئەنێرێ لە سنە و سابلاغ و سەقزەوە چەند بەناباشی‌یەکی بۆدێ و دەست ئەکەن بە ڕەنگ ڕشتنی سەراو کۆشکی شاهی و حەرەم سەراو میوان سەراو مزگەوتی گەورەو حەمامی فاتمەخان .

شێخان و کاربەدەستان و گەورە پیاوان و بۆرەپیاوانیش زەوی‌یان بەسەرا دابەش ئەکرێ و دەست ئەکرێ بە خانووکردن ! هەر بۆ ئەم مەبەستەش پاشا فەرمان دەرئەکات بۆ هەموو دێهاتەکانی دەورو پشتی سلێمانی کە ئەبێ هەموو ماڵێك یەك تەغار دەستەك بهێنێ چونکە پاشا شار دروست ئەکات ، بەڵێ فەرمانی پاشایە کێ ئەتوانێ لێی دەربچێت ، بەدرێژایی ڕۆژ لە هەموو لایەکەوە هەو خرۆهۆڕی بارە دەستەکبوو ئەهات .

تەنانەت ڕۆژێکیان کە پاشا سەرقاڵی خانوو دروستکردن و سەرپەرشتی وەستاو کرێکاری ئەکرد براو خوشکێکی زێوەمەری لای قەرەداغ لەبەردەمیا قوت دەبنەوە ، براکە نۆدەستەکی تەڕی بەکوڵەوەیە خوشکەکەش نۆدەستەك ، لەبەر هەژاری و بێ کوێرێژی لە زێوەمەرەوە بە کوڵ ئەو تەغارە دەستەکەیان هێناوە بۆ سلێمانی ، براکە ناوی حەمەڕەش‌بووە ، خوشکەکەش ناوی گوڵەبووە ، پاشا کەچاوی بەم براو خوشکە پاڵەوانە ئەکەوێت خۆشەویستی‌یان لە دڵیا جێگیرئەبێ ، فەرمان ئەدات گوڵەخان ئەبرێ بۆحەرەم سەراو حەمە رەشیش ئەکات بە پیاوی خۆی .

بەڵێ سالی نەخایاند شارۆچکە خنجیلانەکەی سلێمانی تەواوبوو ، قەلاچوالان بەجۆرێك چۆڵبوو تەنانەت دەرگای مزگەوتی گەورەی ئەوێ‌یان هێنابوو بۆ مزگەوتی گەورەی سلێمانی هەتا زەمانی منالی منیش ئەو دەرگایە هەرمابوو ، دوو تاك قاپی زۆر گەورە بوون قوببە قوببەی ئاسنیان پێوە بوو .

دوای ئەمەی کە شێخ مارفی نۆدێ‌یی ئەهێنرێ بۆ سلێمانی و ئەکرێ بە خەطیب و مدرسی مزگەوتی گەورە شێخان لە هەموو لایەکەوە بۆی‌دێن ، کوڕە شێخێك کە ناوی شێخ صەمەد بووە حەزی لە گوڵەخانی زێوەمەری کردووەکەس‌وکاری ڕائەسپێرێ کە خوازبێنی لە پاشا بۆبکەن ، پاشا ڕازی نابێ و ئەڵێ :

- ئەم کچە برای هەیەو براکەشی ڕەبەن و بێ ژنە بام شێخ صەمەد خاتو حەلیمەی خوشکی خۆی بدات بە حەمەڕەش ئەوسا من ڕازی ئەبم ، نەریتی ئەوسای شێخانیش ئەمەبووە کە بۆیان هەبووە کچە مسکێن بهێنن و نابێ کچی ئەمان شوو بکات بە ئۆمی و مسکێن لەبەر ئەمە کاری خێری شێخ صەمەد ماوەی چەند مانگێك ئەکەوێتە گێژاوەوە ، هەتا شێخ صەمەد ئاگری دلداری زۆری بۆ ئەهێنێ و کەس و کاری خۆی ڕازی ئەکات کە ئەم ژن بەژنە بکرێت ، ئەوسا لەسەر حسابی برایم پاشا مەسرەفی هەردوو بووکەکە ئەکرێ و گوڵەخان لە شێخ صەمەدو خاتو حەلیمەش لە حەمە ڕەش مارە ئەکرێ . ئەمەش جێگای شانازی‌یە بۆ برایم پاشا کە دووسەد ساڵ لەمەوبەر ویستوویەتی ئەم رچەیە بشکێنێ و ئەم جیاوازی چینایەتی‌یە گۆڕ بەگۆڕ بکات .

**(هەندێ لەو مزگەوتانەی کە لە زەمانی بابانەکاندا بوون)**

گومان لەوە دانی‌یە ئەم شارە لەسەرەتای دروست بونی‌یەوە مەڵبەندی ئایین پەروەری و خواناسین بووە ، ئەمانە ناوی هەندێك لەو مزگەوتانەن کە لە زەمانی بابانەکاندا لە سلێمانی‌دا بوون و ناڵەی زیکر و فکری خواو نەعرەتەی ئەڵلاهو ئەکبریان تیا بەرزبوتەوە .

1 ـ مزگەوتی گەورە :

کەیەکەم مزگەوتە لە زەمانی ئیبراهیم پاشادا دروست کراوەو یەکەم کەس کە دانراوە بۆ دەرس ووتنەوەو پێش نوێژی لێرەدا شێخ (معروف)ی نۆدێی بووە ، پاش ئەمەی کە لە تەمەنی هەشتاو نۆ ساڵیدا لە ساڵی 1252ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووەو لە گردی سەیوان نێژراوە ، کاك ئەحمەدی شێخی کوڕی لە جێگای دانراوە .

2 ـ مزگەوتی مەلکەندی :

لە کاتی دروستکردنی سلێمانیدا (مەولانا ئیبراهیم) مودەریسی ئەم مزگەوتە بووە ، لە زەمانی ئەحمەد پاشاشدا (مەولانا عبدالرحمن) نۆدشی و لەپاشدا کوڕەکەی کە ناوی حاجی مەلا ئەحمەد بووە لەم مزگەوتەدا دەرسیان وتووەتەوە .

3 ـ مزگەوتی حاجی ئەحان :

ئەم حاجی ئەحانە یەکێك بووە لە دەوڵەمەندەکانی قەڵاچوالان و کە هاتووەتە سلێمانی ئەم مزگەوتەی دروست کردووە .

لەو زانا بەناو بانگانەی کە لەم مزگەوتەدا دەرسیان ووتووەتەوە (شێخ بابە ڕەسووڵ) بووە کە پێیان ووتووە (بابە ڕەسووڵ پڵاوخۆر) .

4 ـ مزگەوتی حاجی شێخ ئەمین :

کە یەکێکە لە مزگەوتە کۆنەکانی زەمانی بابانی یەکان ، زانای وەکو (شێخ ئیسماعیل)ی باپیری حاجی شێخ ئەمین و حاجی شێخ ئەمین دەرسیان تیا ووتووەتەوە .

5 ـ مزگەوتی عبدالرحمن پاشا :

کە پێی ئەوترێ مزگەوتی سەید حەسەنی مفتی ، میری میران عبدالرحمن پاشای بابان ئەم مزگەوتەی دروستکردووە ، خۆشی دەرسی تیادا ووتووەتەوە . لە پاشا زانای بەناوبانگ (مەلا عەبدوڵای ڕەش)ی کردووە بە مودەریس ، شاعیری بەناوبانگی کوردیش (نالی) لێرەدا ژوورێکی بۆ تەرخان کراوە هەتا ئەو کاتەی کە سلێمانی بەجێ هێشتووە .

6 ـ مزگەوتی (هەمزاغا) :

کە هەمزاغا خۆی یەکێك بووە لە کاربەدەستانی بابانی یەکان .

7 ـ مزگەوتی (عبدالرحمن پاشا) :

کە پێی ئەوترێ مزگەوتی شێخ عبدالرحمنی شێخ ابو بکرو ئەمڕۆ بە مزگەوتی شێخ بابە عەلی ناسراوە ، یەکەم زانا لەم مزگەوتەدا دەرسی ووتووەتەوە سەید عبدالکریمی بەرزنجی بووە ، وە هەر لەم مزگەوتەدا خوالێخۆش بووان مەولانا خالیدو مفتی زەهاویش دەرسیان ووتووەتەوە .

8 ـ مزگەوتی عەزیز اغا :

کە بە مزگەوتی ناو بازاڕ ناسراوە (عەزیز اغای مەسرەف) دروستی کردووە کە (امین المال) ی زەمانی ئەحمەد پاشای بابان بووە .

9 ـ مزگەوتی قامیشان :

کە (ئەولا پاشا)ی بابان دروستی کردووە .

10 ـ مزگەوتی بن تەبەق :

لە گەڕەکی کانی ئاسکان (خدراغا) ناوێك لە زەمانی بابانەکاندا دروستی کردووە .

11 ـ خانەقای (مەولانا خالید) :

کە مەحموود پاشای کوڕی عبدالرحمن پاشا دروستی کردووە ، لەم مزگەوتەدا مەولانا خالیدو شێخ عەبدوڵای هوڕەوی و شێخ عومەری قەرەداخی دەرسیان ووتووەتەوە .

دوا ووشەم ئەی ئەم شارەی بە هەوا پاکەکەت منت گۆش کردووە ، ئەی ئەم شارەی بەفەڕو بێرو بەرو بوومەکەت منت پەروەردە کردووە ، ئەی ئەم شارەی بە لاپێلکەو بزنەڕێ و هەڵدێرگەی چیا سەختەکانت ، بە کەسیرە بوون و چەقینی ناو باپێچو ڕنۆ بەفرەکانت ، بە هەناسە برکێ و سەرکەوتنی سەر ماهی زەردەکانت تەندروستیت بە خشیوە بەمن هیوادارم کە ببیتە هەولێرە کۆنێك بە دروستی سەری دڵسۆزانت .

تێبینی :ـ ناوی مزگەوتەکانم لە پەڕاوە بەنرخەکەی مەلا محمدی قزڵجی وەرگرتووە .

(1)هۆکەڵ : کوڕی دەزگیراندار کە خۆی ئەڕازێنێتەوە ، ووشەکە جافی یە .